# جەلالەدینی ڕۆمی
# و
# سروودی نەی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# جەلالەدینی ڕۆمی

# و

# سروودی نەی

ئەحمەد تاقانە

ناوی کتێب: جەلالەدینی ڕۆمی و سروودی نەی
نووسینی: ئەحمەد تاقانە
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٧٨٤
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
پیت لێدان و دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: سەهەند سەرتیپ
بەرگ: مریەم موتەقیان
چاپی دووەم، ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٨٠٩ی
ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ.

## پێشەکی

مەولانا لە سەردەمێکدا ژیاوە کە دەوڵەتی عەبباسییان ڕووی لە کزی بووەو ئاژاوە و ناخۆشی بە وڵاتە موسڵمانەکاندا بڵاو بووەتەوەو هەر حوکمدارەو تا دەسەڵاتی بووە سەربەخۆیی خۆی جاڕداوەو دەستی بەسەر پارچە خاکێکدا گرتووە و ڕقەبەرایەتی و دژایەتی پەرەی سەندووەو لە دواییشدا ئەم بارە نالەبارە، ڕێی بۆ هێرشە دڕندانە بەناوبانگەکەی مەغۆل خۆش کردووە... ئەو هێرشەی وا ڕووی دەکردە شار و ئاوەدانییەکان و خاپووری دەکردن و سووتان و وێرانیی پێ دەبەخشین... تا گەیشتە پایتەختی دەوڵەتی عەبباسی، کە بەغدای گەورەترین و بەناوبانگترین شاری جیهانی ئەو سەردەمە بووەو لە ساڵی ١٢٥٨ی زاییندا ئەو تاڵییەی بە بەغداش چێشت و سەردەمێکی بە ئاژاوەتر و تاریکتر هاتە کایەوە.

ئەگەر ئەوە ڕاست بێ کە بنەماڵەی مەولانا لەبەر هێرشی مەغۆل هەڵهاتوون – وەکو لەمەودوا باسی لێوە دەکرێ– ئەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئەم بنەماڵەیە پاش گەڕانێکی زۆر، سایەی دەوڵەتی سەلجووقییانی ڕۆمی بە باشترین شوێن زانیوەو لە سەردەمی سوڵتان عەلائەددین کەیقوبادی سەلجووقیدا، لە قۆنیەی پایتەختدا نیشتەجێ بووە.

ئەگەرچی وڵاتی ڕۆم (کە بە وڵاتی تورکیای ئێستا دەوترا)، تا ڕادەیەك بەهێز بووەو لە ناوچەی یەکەم دەرپەڕینی خوێناویی مەغۆلەکانەوە دووربووە، کەچی لە ئەنجامدا ئەویش کەوتووەتە ژێر چنگی بێبەزەییانەی شالاوی ئەم هێرشە.

هەموو ئەو باسانەی کە لەمەوپێش کران و ئەوانەی لەمەوپاشیش دەکرێن، تا دەگەینە سەر شیعرەکە، تەنیا پێشەکییەکی کورت و سەرپێییە، بەو ئومێدە نووسراوەتەوە کە یارمەتیی ئەو خوێندەوارە بەرێزە بدات کە زانیارییەکی ئەوتۆی لە بارەی ئەم شتانەوە نییە، تا بتوانێت بەزیرەکیی خۆی چۆنیەتیی پێگەیشتن و ڕووکردنە ئەو ڕێبازە و دەرکەوتنی کەسایەتیی مەولانا بە ڕووداوەکانی سەردەمەکەو بە ژیانی مەولاناوە ببەستێتەوە... وەکو گوتم، ئەمە تەنیا پێشەکییەکی کورتە... ئەگەرنا زۆریی سەرچاوە و لێکۆڵینەوە و بەرفراوانیی باسی مەولانا، ئەوە بەدەستەوە دەدا کە ئەگەر یەکێك مەبەستی بێت، لێکۆڵینەوەی گەلێك لەمە فراوانتر و زانستییانەتری لە بارەوە ئامادە بکا. (وەکو لە زمانانی دیکەدا بۆی کراوە).

## ژیان و بەسەرهاتی

جەلالەددینی ڕۆمی یەکێکە لە شاعیرە سۆفییە هەرە بەرزەکانی جیهان، ناوی (محەمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی حسێنی خەتیبی بەکری)یەو[١] بە نازناوی (مەولانا)وە ناسراوە، بۆیە ڕێبازە ئاینییەکەی بە ڕێبازی (مەولەوی) ناونراوە، واتە ڕێبازی سەربە مەولانا.

٣٠ی ئەیلوولی ١٢٠٧ی زاین، لە شاری (بەلخ)ی ناوچەی (خوراسان) لە دایك بووە[٢]، بۆیە هەندێك جاریش بە (جەلالەددینی بەلخی)، یان بە (مەولەویی بەلخی) ناودەبرێت.

باوکی، کە (محەمەدی کوڕی حسێنی خەتیبی-ی بەکری)یەو نازناوی (بەهائەددین وەلەد)ەو[٣]، بە (سلطان العلماء- واتە: شای زانایان) ناوبراوە[٤]، زانایەکی داناو پایەبەرز بووەو مامۆستای زانستە ئاینییەکانی دەرباری خوارەزمشا- تەکش- بووەو[٥]، دایکی (موئمینە خاتوون- ە، کە لە بنەماڵەی شازادەکانی خوارەزم بووە)[٦]. ساڵی ١٢١٢ی زاین بەهائەددین وەلەد بە بنەماڵەوە شاری (بەلخ) بەجێ دەهێڵێ[٧]، هۆی ئەم کۆچەش بە تەواوی ڕوون نییە... هەندێك لێکۆڵەرەوە دەڵێن گوایە لەدەس هێرشە دڕندانەکەی مەغۆل هەڵهاتوون و هەندێکی دی دەڵێن گوایە بەهائەددین وەلەد ئەوەندەی مرید و دۆست و خۆشەویست بەدەوریدا کۆببووەوە، کە خوارەزمشا چاوی بەرایی نەدەدا ئەو

هەموو جەماوەرە ببینێ بەدەوری زانایەکی ئاینیدا کۆبووبوونەوە نەك بەدەوری خۆیدا– لەسەر ئەمە نێوانیان تێکچووەو کۆچەکەی لێ وەئەنجام هاتووە[٨].

هەر چۆنێك بێ، لە ڕێی ئەم کۆچەدا، ساڵی **١٢١٢**ی زاین بە شاری (نیسابوور)دا ڕەت دەبن و گوایە چاویان بە (فەریدەددینی عەتتار)ی سۆفی و خوداناس و شاعیری مەزن دەکەوێ و جەلالەددینی پێنج ساڵانی دەچێتە دڵەوە و ئاواتی چاکی بۆ دەخوازێ و دانەیەکی لە کتێبی (ئیلاهی نامە)و[٩] هەندێکیش دەڵێن (ئەسرارنامە)ی پێ دەبەخشێ[١٠]... ئەم پەیوەندییەی جەلالەددین و فەریدەددینی عەتتارە، لە دواییدا لە دێرە شیعرێکی مەولانادا بەم جۆرەی خوارەوە خۆی دەنوێنێ:

هفت شهر عشق را عظار گشت

ما هنوز در خم يك كوچه ايم...

واتە:

عەتتار بە حەوت شاری ئەڤیندا گەڕا...

ئێمە هێشتا لە پێچ و کۆڵانی تاکە گەڕەکێکداین.

دیسانەوە، لە دێڕە شیعرێکی مەولانادا، پێشەوایەتیی (عەتتار) و (سەنائی) باس کراوەو، دان بە پێشەوایەتییان دانراوە، کە دوو شاعیری مەزنی سۆفی بوون و بەر لە مەولانا ئەسپیان لە مەیدانی شیعر و سۆفیگەریدا تاوداوەو دەڵێ:

عطار روی بود و سنائی دو چشم أو
ما أز پی عطار و سنائي آمديم...؟!(١١)

واته:

عەتتار ڕوویەك بوو و، سەنائی دوو چاوی ئەو، ئێمە بەدوای عەتتار و سەنائیدا هاتووین.

ئەم كۆچەی ئەم بنەماڵەیە بەسەر بەغداوە ڕوودەكاتە مەككە و لەوێشەوە ڕوودەكەنە ولاتی ڕۆم (توركیای ئەمڕۆ)و... بۆ شاری (مەلاتیە)و لێرەدا چوار ساڵ دەمێننەوەو ئینجا دەچنە شاری (لارندە – قەرەمانی ئەمڕۆ)، لێرەشدا حەوت ساڵ دەمێننەوەو ئینجا ڕوودەكەنە (قۆنیە) كە ئەوسا پایتەختی سوڵتان عەلائەددین كەیقوباد بووە(١٢)، لە قۆنیەدا، لە ١٢٢٨ی زایینیدا لە لایەن سوڵتانەوە پێشوازییەكی چاك دەكرێن و لەوێ نیشتەجێ دەبن(١٣) ئەم نیشتەجێ بوونەی ولاتی ڕۆمە لە دواییدا نازناوی ڕۆمیی بە مەولانا بەخشیوەو... هەروەها باوكی جەلالەددین لە قۆنیەدا دەكرێ بە مامۆستای زانستی ئاینیی بالای شارەكە.

كە لە شاری لارندە دەبن، مەولانا بیست و یەك ساڵان دەبێ و... لەوێ (جەوهەر خاتوون)ی كچی (لالا شەرەفەددینی سەمەرقەندی) دەخوازێ و دوو كوڕی لێی دەبێت... (عەلائەددین) و (بەهائەددین سوڵتان وەلەد)... یەكەمیان لەو ئاژاوەیەدا دەكوژرێت كە لە دواییدا لە شاری قۆنیەدا بەرپا دەبێت و ئەو (شەمسەددینی تەبریزی)یەی



پۆرترێتێکی خەیاڵیی مەولانا – دەستکردی هونەرمەند
«محەممەدی تەجویدی»

تێدا دەکوژرێ کە بە پێشەوای گیانی و سۆفیگەریی (مەولانا) دادەنرێت... دووەمیان کە (بەهائەددین سوڵتان وەلەد) ە، لەساڵی ۱۲۲٦ی زایندا هاتووەتە جیهانەوە، ناوبانگێکی زۆری دەرکردووە، چونکە کۆنترین شاعیرێکە بە (تورکیی ڕۆژاوایی) پارچە شیعری لەبەر دەستدا مابێتەوە.

جەلالەددین بۆ دووەم جاریش ژنی هێناوەو لەمەیشیان کوڕێك و کچێکی بووە[١٤]، لە سەرەتادا، جەلالەددین، لای باوکی و دواییش لەلای بورهانەددینی موحەققیقی ترمزیی کۆنە هاوڕێی باوکیدا خوێندوویەتی. لە (٢٣ی شوباتی ١٢٣١ ی زایندا) باوکی دەمرێ و ئەم بورهانەددینی ترمزییە جێی دەگرێتەوە[١٥]، دوای ئەوە مەولانا ڕوودەکاتە حەڵەب و دیمەشق بۆ تەواوکردنی خوێندن[١٦]، کە لە خوێندن دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە قۆنیە... دەبێتە ئەو مامۆستا ئاینییەی کە، ئەم هەموو ساڵە خوێندنەی، لە پێناوی خۆ بۆ ئامادەکردنیدا بەسەربردبوو. لەم کاتانەدا، سۆفییەکی گەڕۆکی تەورێزی، کە ناوی (محەممەد شەمسەددینی تەبریزی) بووەو بە (پەڕندە)ش ناوبراوە[١٧]، لە پڕێکدا خۆی دەکا بە شاری قۆنیەداو لە (٢٩ی تشرینی دووەمی ١٢٤٤ی زایندا)، جەلالەددین دەبینێ و[١٨] گفتوگۆی لەگەڵدا دەکاو بەجۆرێکی ئەوتۆ کاری تێ دەکا، کە جەلالەددین پاش ماوەیەکی ئێجگار کەم، دەست لە مامۆستایی هەڵدەگرێ و دەبێتە سۆفییەکی بەسۆزی دەروون هەڵچوو و، پاشانیش بە شاعیرێکی زۆر مەزنی سۆفی.

پێوەندیی بەتینی ئەم شەمسی تەبریزییە بە جەلالەددینەوە، دەبێتە هۆی ڕوودانی ئاژاوەیەکی گەورەو لە ئەنجامدا، لە ۱۲٤٦ی زایینـدا، شەمسی تەبریزی و عەلائەددینی کوڕی جەلالەددین تێدادەچن[١٩]. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەروونی جەلالەددین پتر کڵپە بستێنێ و دیوانێك شیعری هەرە بەرزو ناسك بەناوی ئەوەوە بنووسێ و لە زۆربەی شیعرەکانیدا لە جیاتیی نازناوی خۆی نازناوی (شەمس) بەکاربهێنێ... هەروەها کەسایەتیی شەمس کارێکی تەواویشی کردووەتە سەر ڕێباز و جۆری زیکر و گەلێك شتی دیکەی... (لە باسی ڕێبازی ئاینی و زیکردا هەندێکی لێ باس دەکەین).

لە (١٦ی، یان لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٢٧٣ی زایینـدا) مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی، هەر لە قۆنیە، لە تەمەنی ٦٦ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووەو[٢٠]، هەر لەو تەکیەیەدا نێژراوە کە خۆی دایمەزراندووە... وەکو دەڵێن، نەك هەر تەنیا کۆمەڵێکی زۆر لە موسوڵمانان، بەڵکو گەلێك دیان و جووش دوای تەرمەکەی کەوتوون[٢١].

**ڕێبازی ئاینی و زیکری مەولەوی:**

وەکو ئەوەی دەروێش و مرید و ئەوانەی سەر بە ڕێبازی مەولەوین باسی دەکەن، ڕێبازی مەولەوی پشت بە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر دەبەستێت و سوودیشی لە زانستی گەردووناسیی ئەو سەردەمە وەرگرتووە، لە ڕاستیشدا هەندێك بیر و تیووریی دوور لە بیری موسوڵمانێتیشی تێکەڵ بووە، بۆ نموونە، جاروبار تیووریی دۆنایدۆن (*) (الحلول و التناسخ Incarnation)مان لە شیعرەکانی مەولانادا بەرچاو دەکەوێ، ئەم تیوورییە ئەوەیە کە دەڵێ: گیانی خودا (خۆشەویستی و ئەڤین– وەکو ڕەمز لەلای مەولانا) دەچێتە دۆن (کەوڵ، پێست، بەرگ، شێوە)ی کەسانی دی، یان شتانی دییەوە. یانیش گیانی یەکێك لە پاش مردنی لەشی، دەچێتە دۆنی ئافەریدەیەکی ترەوە، ئەم گوێزرانەوەیەی گیانەش بەپێی چاکی

(*) دۆنای دۆن: واتە (کەوڵاوکەوڵ، یان، بەرگ گۆڕکێ)... کاکەیی – ئەهلی حەق – ئەم زاراوەیە هەر بەم جۆرە بەکاردەهێنن... لە سەرەتادا و لەبەرئەوەی (بەش بە حاڵی خۆم) گومانم لەوەیە کە ئەم وشەی (دۆن)ە وشەیەکی کوردیی ڕەسەن بێت، زاراوەی (کەوڵاوکەوڵ)م بۆ دانا (دروست کرد)... بەڵام لە دواییداو لە پاش پرسین و لە سەروەستان... هەر زاراوەی (دۆنای دۆن)م بەکارهێنا... چونکە، هەر لە مێژە لە کوردیی (شێوەی گۆران)دا بەکارهاتووە... لە نووسینی تازەدا، د.جەمال نەبەز – بەر لە من– ئەم زاراوەیەی هێناوەتەوە و پێشنیاری بەکارهێنانی کردووە... بڕوانە کتێبی: (زمانی یەکگرتووی کوردی – لاپەڕە ١٠٠).



مەولاناو مریدەکانی– دەستکردی
ڕامبرانت –ی هونەرمەندی هۆڵەندیی ناسراو.

و (بەد)یی گیانەکە دەبێ و واتە ئەگەر لە پێشدا گیانەکە چاك بووبێ، دەچێتە دۆنی ئافەریدەیەکی چاکەوە، خۆ ئەگەر بەد بوو ئەوە گیانەکە دەچێتە دۆنی ئافەریدەیەکی بەدەوە... جا نموونەیەکی ئەم تیۆرییە لە شیعری مەولانادا ئەو دێڕە شیعرەیەتی کە دەڵێ:

عشق جان طور آمد عاشقا

طور مست و خر موسی صاعقا

من ئەم دێڕەم بەم جۆرە کردووە بە کوردی:

ڤین کە هاتە گیانی توور ئەی دڵبراو

مەستە توورو، نووچی مووسا تریشقەتاو..

لە ڕێبازی مەولەویدا پیر (شێخ) پێی دەوترێت (چەلەبی)، ئەم چەلەبییانە لە کاتی خۆیداو تا دەوڵەتی عوسمانی مابوو لە نەوەی مەولانا هەڵدەبژێرران و لە تەکیەی قۆنیەدا (کە گۆڕی مەولانای تێدایە) دادەنیشتن[٢٢]. ئەم پیرە لە کاتی زیکردا دەبێتە ڕەمزی خۆری ئاسمان و لە ناوەڕاستی کۆڕەکەدا دەبێ و... مریدەکان، وەکو چۆن ئەستێرەی ئاسمان بە دەوری خۆردا دەخولێنەوە، ئەم مریدانەش بە دەوری پیردا دەخولێنەوەو، هەردوو قۆڵیان ئاسۆیی بەرز دەکەنەوەو لەپی دەستی ڕاستیان ڕووەو ئاسمان ڕادەگرن و لەپی دەستی چەپیان ڕووەو زەوی و... دەخولێنەوە[٢٣]. مەولانا لە لێکدانەوەی ئەمەدا دەڵێ: بە دەستی ڕاستمان داوای فەڕ و پیت لە

خودا دەکەین و بە دەستی چەپمان دەیبەخشینەوە بە خەڵك، چونکە ئێمە هەموو شتێك بە هی خودا دەزانین و خۆمان خاوەنی هیچ نین[٢٤].

تۆ بڵێی ئەم بە ڕەمزی خۆر دانانەی (پیر)ە، پەیوەندییەکی بە کەسایەتیی شەمسی تەبریزییەوە نەبێ؟! چونکە وەکو دەزانین، بە عەرەبی بە خۆر دەوترێ (شەمس)، ئەمەش ناوی شەمسی تەبریزییە. دیسانەوە، بۆ ئەوەی یادگارێکی دیی شەمسی تەبریزی بمێنێتەوە، مەولانا داوای لە مریدەکانی کردووە کڵاوی لبادی قووچەکئاسا لەسەر بنێن و شێوەی سەرپێچی شەمسی تەبریزی ببەستن و کەوای لە خوارەوە پان و بەرینی (وەکو ئەوەی شەمس لەبەری کردووە) لەبەر بکەن[٢٥]، ئەم کەوایەش لە کاتی زیکر و خولانەوەدا شێوەی قووچەك وەردەگرێ.

ئەم شێوە خوداپەرستییە، بەگشتی بەوەش لێکدەدرێتەوە کە، لە سەرەتادا تەنیا بوونی خودا هەبووە، ئینجا بووەکانی دیکەش لە ئەنجامی جۆشانی بوونی خوداوە پەیدا بوون و جودا بوونەتەوە (تیووریی – فەیض)، لەبەرئەوە هەموو بوونەوەر بەتاسەوە بۆ بە خودا گەیشتنەوە هەوڵ دەدەن و تەکان دەدەن... تا لەگەڵیدا یەك بگرنەوە و بگەڕێنەوە ڕەسەنی خۆیان... ئەمە لەوەدا دەردەکەوێ کە ئەستێرە بە دەوری خۆردا دەسووڕێنەوە (خۆر وەکو ڕەمزێکی ڕووناکیی خودا) و بە پەرۆشەوەن لەگەڵیدا یەك بگرنەوە.

ئەم باسانە لەو شیعرەی مەولانادا کە بەناوی (سروودی نەی) لە

پـێشەکـیـی بـەشی یـەکـەمـی (مـەسنـەویـی، مـەعنـەوی، مـثـنـوی، معنوی)یەکەیدا نووسیویەتی، کەم تا زۆرێك باس کراوە.

ئەم شیعرەش ئەوەیە کە کردوومە بە کوردی... هەروەها پاش تۆزێك هەندێك دوور و درێژتر لە شیعرەکە دەدوێین.

زیکر و سەما (سەما کردن- یان سەماع.. بیستن)ی مەولەوی، پێ بەپێی ئاوازی ئەو نایە دەڕوا کە مەولانا لە (سروودی نەی)دا ناوی هێناوەو هەروەها لەگەڵیشیدا، تەپڵیش لێدەدرێت و بە دەنگەوە شیعر دەخوێنرێتەوەو بەو شیعربێژ و دەنگبێژانە دەڵێن (ئاینخوان)... هەروەها بەگشتی بە بەزمورەزمەکە دەوترێ (ئاینی شەریف)[٢٦]، بەوانەش کە زیکر دەکەن هەندێك دەڵێن (برایانی خۆشەویستی)[٢٧]

لایەنێکی پرشنگداری ئەم ڕێبازە ئەوەیە کە مەولانا حەزی لە بێکارە و سەهەندە و تەمەڵ و تەوەزەل نەکردووە. مریدەکانی هانداوە کاربکەن... بۆیە زۆربەی مریدەکانی پیشەساز و کرێکار و ڕەنجدەر بوون و پشتیان بە بازوو و بە توانای خۆیان پتر بەستووە و بەری ڕەنجی خۆیان خواردووە[٢٨].

**بەرهەمەکانی مەولانا**

مەولانا جەلالەددین، چەند بەرهەمێکی هەیە، هەندێکیان بە پەخشان نووسراونەتەوەو هەندێکی دییان بە شیعر، ئەوانەی بە پەخشان نووسراونەتەوە ئەمانەن:

١- مەجالیسی سەبعە: ئەم نامەیەی، کۆمەڵە لێدووانێکی ئاینی و ڕێپیشاندانی ئاسایین، لەوانەن کە مەلاکان لە بۆنە ئاینییە جۆراوجۆرەکاندا دەیانخوێننەوە.

٢-مەکتووبات: ئەو نامانەیەتی کە بۆ کەسانی دیی ناردوون، لە کۆمەڵێکدا کۆکراونەتەوە.

٣- فیە مافیە: هەر بەم ناوەوە دانراوە، ئەمەش ئەو قسە و باس و خواس و گفتوگۆیانەن کە مەولانا ڕێبازە سۆفیگەرییەکەی تێدا شی کردووەتەوەو ڕوونی کردووەتەوە... ئەم کتێبە لەوە دەچێ کە مرید و دەروێشەکانی کۆیان کردبێتەوەو لە دەمی مەولاناوە نووسیبێتیانەوە.

ئەو نووسراوانەشی کە بەشیعر هۆنراونەتەوە، ئەمانەن:

١- چوارینەکان.

٢- دیوانی شیعر: کە بە (دیوانی شەمسی تەبریزی) بەناوبانگە و کۆمەڵە هەڵبەستێکی زۆرە، غەزەل و قەسیدەی ئەوتۆی تێدایە کە بە شیعری هەرە بەرز دادەنرێت، ئەم دیوانەی لە چل و سێ هەزار دێڕە شیعر پێکهاتووە، زۆربەی بۆ یادی شەمسی

تەبریزی نووسراوە، لە گەڵێکیاندا لە جیاتی نازناوی خۆی نازناوی (شەمس)ی بەکار هێناوە.

٣- مثنوي معنوي (مەسنەویی مەعنەوی): ئەم کتێبە لە شەش دەفتەر پێکهاتووە (واتە شەش بەشە)، بۆ هەر بەشێك لەم بەشانە سەرەتایەکی کورت بە پەخشان نووسراوەتەوەو ئینجا بە شیعر هەموو بەشەکە تەواوکراوە، تەواوی شیعرەکانی ئەم کتێبە، نزیکەی بیست و شەش هەزار و حەوت سەد دێڕە شیعرە، لەم کتێبەوە، ڕوانگەی بیری سۆفیگەری و ڕێبازی ئاینیی مەولانامان بۆ ڕوون دەبێتەوە، بەشێکی زۆری لە شێوەی چیرۆکی شیعری و پەندی شیعریدا داڕێژراون. ئەم کتێبە، لەسەر داواکاریی (حەسەنی کوڕی محەمەدی کوڕی حەسەن) دانراوە، کە بە (ئیبن ئەخی تورك - ابن أخي ترك) ناسراوەو نازناوی (حوسامەددین چەلەبی)ی پێ دراوەو هەر بەم نازناوەشەوە ناوبانگی دەرکردووە... ئەم حوسامەددینە بە ڕەسەن (ورمێ)یەو کوردە. ئەم زانیاریانەی، لە بارەی ئەم حوسامەددینەوە، لە پێشەکیی بە پەخشان نووسراوی دەفتەری یەکەمی مەسنەویدا، مەولانا بەخۆی بۆمانی نووسیوە[٢٩]. هەروەها مەولانا لە سەرەتای دەستپێکردنی شیعری هەر شەش بەشەکەدا ناوی بردووە... هەندێك دەڵێن، دانانی ئەم مەسنەوییە پتر لە دە ساڵی خایاندووە[٣٠]... هەروەها وتراویشە گوایە بە چل ساڵ ئینجا تەواو بووە[٣١]. ئەو پارچە شیعرەی کە بە (سروودی نەی) بەناوبانگەو من کردوومە بە کوردی، تەنیا سەرەتای شیعریی دەفتەری یەکەمی مەسنەوییە[٣٢].

**ئەم پارچە شیعرە**

(سروودی نەی)، پارچە شیعرێکە بەزمانی نەی (قامیش– شمشاڵ) دەوەتراوە و باسی سەرەتای لە قامیشەڵان برینەوەی و کرانی بە شمشاڵ دەکاو ئەو خەمەیمان بەرەو ڕوو دەکاتەوە کە لە ئەنجامی ئەم دوورکەوتنەوەیەی لە قامیشەڵانەوە تووشی بووەو هەستی پێ کردووە... ئەم لە (ڕەسەن) دابڕان و دوورکەوتنەوەیە، پەنجە بۆ دوورکەوتنەوەی مەولانا بەخۆی و بنەماڵەیەوە لە وڵات و لە شاری (بەلخ) دەوە ڕادەکێشێ و ئازاری دوور وڵاتیمان بۆ باس دەکا... لە لایەکی دییەوە، ئەو تاسەیەی کە مرۆڤ و بوونەوەری دی هەیانە بۆ بەخودا گەیشتن و یەکبوونەوە لەگەڵیدا دەخاتە ڕوو، هەروەها لە پەنای ئەمەوە هەندێك بیروڕای خۆیمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە یەکێك لەوانە ئەو (تیووریی دۆنایدۆن) هیە کە پێشتر باسمان لێوە کرد.

ئەم پارچە هەڵبەستە زۆر زۆر بەناوبانگەی کە بە زمانی فارسی نووسراوە، (بڕوانە دەقە فارسییەکەی لە بەشی دوایی ئەم نامیلکەیەدا)، لەسەر کێشی عەرووزی (ڕەمەلی موسەددەسی مەحزووف) دەڕوا، واتە هەر نیوە دێڕەو (فاعلاتن، فاعلاتن، فاعلات) دەگرێتەوە.

شایانی باسە کە هەندێك لە ئایەتەکانی قورئان لەگەڵ کێشی عەرووزی عەرەبیدا ڕێك دەکەون... لە سوورەی– البقرة– دا، ئایەتی (٧٨، ٧٩) لەگەڵ ئەم کێشەی مەسنەوییەدا ڕێکن...

" ثم أقررتم وأنتم تشهدون، ثم أنتم هؤلاء تقتلون"(٣٣). تۆ بڵێی مەولانا کاتێك کە ئەم کێشەی بۆ مەسنەوییەکەی هەڵبژاردووە ئەمەی لە خەیاڵدا نەبووبێ ؟!.

ئـەم شیـعرە، گـۆڕاوەتـە سەر گـەلـێك لـە زمـانـە زیـنـدووەکـانـی جیهـــان... (نەحیفی)- محەمەد سولەیمان نەحیفی- (١٦٤٨- ١٧٣٨)ی زاین - ی شاعیری تورك(٣٤) هەر بە کێشەکەی خۆی، هەموو مەسنەوییەکەی کردووە بە تورکی... لە دوو دێڕی یەکەمدا دەڵێ:

Dinle neyden kim hikayet etmede
AyrIlIklardan Sikayet etmede
Der Kamisliktan Kopardilar beni
Nalisim zar eyledi merdü zeni...(35)

هـەروەهـا-Sir William Jones- بـەشێکـی لـە سروودی نـەیـی کردووە بە ئینگلیزی و بە ناوی- The Song of the reed ـ ەوە بڵاوکراوەتەوە، لە دوودێڕی یەکەمدا دەڵێ:

Hear, how yon reed in sadly pleasing tales
Departed bliss and present woe bewails!
With me, from native bank untimely torn,
Love-warbling youth
and soft-eyd virgins mourn...(36)

لێرەدا دەمەوێ ئەوەش هەر بڵێم کە کەم تا زۆرێك جێ پەنجەی شیعری مەولانا لـە شیعری کوردیشدا هـــەر دەبینرێ، بـۆ نـموونە

دەبـــیـــنین شێوە و شێوازی (سروودی نـــەی) بـــە هـــەڵـــبـــەستـــە بـەناوبـانگـەکـەی مـامـۆستـا (هـێمـن)ی شاعیرمـانەوە دیارە کە بە ناوی (ناڵەی جودایی)یەوە دایناوە. کە هـەردوو شیعرەکە بەراورد دەکـەیـن، بـۆمـان دەردەکـەوێ کـە مـامـۆستـا هـێمـن لـەم شیـعرەیدا قوتابییەکە لە قوتابییانی مەولانای خاوەنی (سروودی نەی)... دەمەوێ ئەوەش هەر بڵێم کە، نامەوێ خوێندەواری خۆشەویست وا تـێ بـگـا کە ئەم ڕایەم لەوەوە هـاتبێ کە مـامـۆستـا هێمن چەند دێڕێکی ئەم شیعرەی وەرگرتووەو خستوویەتییە ناو شیعرەکەیەوە، ئەگەرچی ئەمەش لایەنێکی سەرنجڕاکێشی مەبەستەکەیە... دەبێ ئەوەش بڵێم کە، ئەم دێڕ و دوو دێڕ وەرگرتنە وەکو خۆی خستنە ناو شیـعرەکـەوەو دەستـنیشان کردنی ئەو شاعیرەی لێی وەرگیراوە (وەکو ئـەوەی مـامـۆستـا هێمن کردوویەتی)، ئەم کارە خۆی لە خـۆیدا هـونـەرێکی کلاسیـیە و بـەوەستـایی دەژمێررێ، نـەك بـە نـەنگی... ئـەم هـونـەرەش ئـەوەیـە کە پێی وتراوە (تێهەڵکێش– تضمین).

جـا لـەبـەرئـەوەی ئـەم (سروودی نـەی)ە، ئـەم هـەمـوو بـایـەخـەی هـەیە، منیش هـەوڵم دا، هەر بە کێشەکەی خۆی بیکەم بە کوردی و– بـەپـێی تـوانـا– لـە واتـەی ڕەسـەنـی خـۆی دوورنـەکـەومـەوە و، هـەروەهـا هـەوڵم داوە هـەندێك لە هـونـەرە شیعرییـەکـانـی (وەکو جـیـنـاس و شتـی دی...)ش کـە لـە شیـعرە فـارسیـیـەکـەدا هـەیـە، بـیـانـپـارێزم و... وەکو نموونـەیـەکی بـەرزی کـەلـەپووری کۆنی مرۆڤایەتی بیخەمە بەرچاوی خوێندەواری کوردەوە... بۆیە، دیارە

(لەبەر کێش و مۆسیقا و سەروا و هونەری دی و... لەگەڵ واتا و مەبەستی دێڕەکان و... تاد)، پەنام بردووەتە بەر شێوەزمانە کوردییەکان... کە دەڵێم پەنام بردووە..، ئەوە ناگەیەنێ کە ئەم کارە بەڕاست نەزانم و... لە کردنە کوردیی شیعرەکە (بە شیعر)، ڕێم بەخۆم دابێ ئەم کارە بکەم... بەگشتی، کاری سوود لە شێوەکان وەرگرتن بەڕاست دەزانم، بەڵام بەمەرجێك ئەم کارە، جۆر و ئەندازەی داڕشتنی ڕستە و قسە پێکهێنان تێك نەداو دژایەتیی ڕێزمانی جودا جودا پەیدا نەکا.

## دەقی (سروودی نەی) و چەند وشەیەکی پێویست

دەقی (کتاب مثنوی معنوی)م کردە بناغەی شیعرە گومان لێ نەکراوەکانی سروودی نەی... ئەم کتێبە لەسەر کتێبەکەی ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگ و هێژا (نیکلسون) لە چاپ دراوە (بۆ ئەم کتێبە و سەرچاوەکانی دیکە... بڕوانە: لیستەی سەرچاوەکان)... لە لاپەڕە (٤،٣)ی ئەم کتێبەدا (٣٥) دێڕە شیعر بەناوی (سروودی نەی)ەوە بڵاو کراوەتەوە... دوا شیعر نەبێت (کە لە دەقە بڵاوکراوەکەی ئەم ناملیکەیەی ئێمەدا بووەتە ژمارە - ٥٢)... (٣٤) دێڕەکەی دی لە کتێبی (جلال الدین الرومی - د. کفافی) دا و.. لە لاپەڕە (٢،١)ی کتێبی (Mesnevi - بە تورکی) دا دەقاودەق هەر (٣٤) دێڕەکانیان تێدایە... لە لاپەڕە (٢،١)ی کتێبی (خلاصەء مثنوي) شدا لەو (٣٥) دێڕە (بەدوا دێڕیشەوە!) دوو دێڕی کەمترە کە دێڕی ژمارە (٣٤،٢٧)ی دەقی ناو ئەم نامیلکەیەی ئێمەیە. لە لاپەڕە (٣،٢)ی کتێبی (مثنوی معنوی) دا... (٥١) دێڕ بەناوی (سروودی نەی) ەوە بڵاو کراوەتەوە... لە (٣٥) دێڕەکەی (کتاب مثنوی معنوی) تەنیا دوادێڕی تێدا نییە.

دەمێنێتەوە سەر (٣٥)ەمین دێڕی (کتاب مثنوی معنوی)، کە (٣٣)ەمین دێڕی کتێبی (خلاصەء مثنوي)ەو لەم نامیلکەیەی ئێمەدا بووەتە ژمارە (٥٢) تەنیا لەم دوو کتێبەدا نەبێ لەوانی دیکەدا بەرچاوم نەکەوت... لەوەش دەچێت ئەم دێڕە سەرەتایەك بێت (یان... پێشەکی) بۆ بەشی دوای (سروودی نەی)... ئەوەی لەم

بەراوردەوە بۆم دەرکەوت ئەوەیە کە (٣٤) دێڕە شیعرەکەی (کتاب مثنوی معنوی) گومانیان لێ ناکرێ کە بەشێك بن لە سروودی نەی، لەگەڵ ئەوەشدا من هەموو (٥٢) دێڕەکەم کرد بە کوردی... بەڵام بۆ ئەوەی خوێندەواری خۆشەویست پتر ئاگاداری ئەوە بێت، ئەو (٣٥) دێڕەی ئەو کتێبەمان لە چاپخانەدا بە پیتی ڕەش (تێر) لە چاپ دا.

هەروەها بەپێویستم زانی دەقە فارسییەکەشی بڵاوبکەمەوە، بۆ ئەوەی ئەگەر کەسێك (بە هەچ مەبەستێك بێ)... ویستی، کوردی و فارسییەکەی بەراورد بکا... هەردوو دەقەکەی لەبەر دەستدا بێت.

***

## پەراوێزەکانی بەشی یەکەم

(١) براون: تاريخ الادب في ايران – ص – ٦٥٤.

(2) karaalioglu - Türk  Edebiyati Tarihi-S.387.

(٣) براون: تاريخ الادب – ص –٦٥٤.

(4) karaalioglu -Ttürk Edebiyati Tarihi S.387.

(٥) مرغريت سميث – جلال الدين الرومي – ص ٩٥.

(6) karaalioglu  - Türk Edebiyati Tarihi - S.387.

(7) karaalioglu - Türk Edebiyati Tarihi - S.387.

(٨) د.كفافي – جلال الدين الرومى – ص ٢٢.

(٩) براون: تاريخ الادب – ص ٦٥٤.

(١٠) د. كفافي – جلال الدين... – ص ٢٢.

مرغريت سميث – جلال الدين.. – ص ٩٥.

(١١) د. عزام: التصوف و فريد الدين العطار – ص ٣.

(١٢) براون: تاريخ الادب – ص ٦٥٤.

Karaalioglu - Türk Edebiyati Tarihi -S.387.

(13) Karaalioglu - Türk Edebiyati Tarihi - S.381.

(١٤) براون: تاريخ الادب – ص ٦٥٤ – ٦٥٥.

(١٥) د. كفافي – جلال الدين... – ص ٢٣.

(١٦) براون: تاريخ الادب – ص ٦٥٥.

(١٧) مرغريت سميث – جلال الدين.. – ص ٩٥.

(١٨) براون: تاريخ الادب – ص ٦٥٦.

.Karaalioglu - Türk Edebiyati Tarihi - S 387.

(١٩) براون: تاريخ الادب.. ص ٦٥٧.

(20) Karaalioglu - Türk Edebiyati Tarihi- S- 389.

دەڵێ لە ١٧ ی کانوونی یەکەمدا مردووە.

براون: تاريخ الادب... – ص ,٦٥٧. دەڵێ: ڕۆژی یەکشەممەی ١٦ ی کانوونی یەکەم مردووە.

(٢١) مرغريت سميث: جلال الدين الرومي: ص ٩٦.

(22) Karaalioglu - Türk Edebiyati Tarihi - S 366.

(٢٣) الكفاح العربي – العدد ٣٣ – ٧١٦ ص ٥٠ –٥١.

.(24)Karaalioglu - Türk Edebiyati Tarihi - S.365.

(٢٥) براون تاريخ الادب.. – ص ٦٥٧.

.. کە.. لە کتێبی (مناقب العارفين – ی – شمس الدين أحمد الافلاكی)یەوە وەریگرتووە.

(26) Karaalioglu _ Türk Edebiyati Tarihi _ S.365

(٢٧) مرغريت سميث: جلال الدين الرومي – ص ٩٦.

(٢٨) د. كفافي: جلال الدين الرومي: ص ٩٦.

(٢٩) كتاب مثنوى معنوى (نيكلسون).. ص ٢.

(٣٠) براون: تاريخ الادب – ص ٦٥٧.

(٣١) مرغريت سميث – جلال الدين الرومي – ص ٩٦.

(٣٢) بۆ کتێبەکانی مەولانا بڕوانە:

د. كفافي: جلال الدين الرومي – ص ٣٩ – ٥٤:

Karaalioglu - Türk Edebiyati Tarihi - S. 394

(٣٣) براون: تاريخ الادب.. – ص ٣٢.

.(34) karaalioglu - Türk Edebiyati Tarihi -S.690-691.

(35) karaalioglu - Türk Edebiyati Tarihi -S.394.

(36) The Rubaiyat of Omar Khayyam. p.118-119.

## سروودی نەی

١- ببیە، نەی کاتێ کە باست بۆ دەکـا(*)
داد لـە دەس دووری دەکات و گۆدەکا
٢- لـەو دەمەی ڕا، من لە نایستان بڕام
مێرد و ژن هەروا دەگرییێنێ هــەرام
٣- پێم دەوێ سینەی بە دووری چاك کراو
چاك بلێم لێکدانەوەی تـاسەی هــەناو
٤- هـەرکەسێ کو دوور بمێنێ ل بنەوان
وێڵ دەبێ دیســـا لە بۆ ڕۆژی ژوان
٥- من لە هەچ کـۆڕێ دەکەم ناڵین و داد
دەبمە دۆست و هاوەڵی ناشاد و شـاد
٦- هەرکـەسەو وا تێدەگا یــاری مـنـــــە
گشت نیهانێکی دەروونمیش لێی ونە
٧- من نهێنیم دوور لـــــە نـــاڵینم نییە
لێ چەم و گوێ بێبەشن لەم ڕوونییە
٨- لەش لە گیان و گیان لە لەش پەنهان نییە
کـەس بەڵام بۆ دینی گیــــان، شایان نییە
٩- ئاگرە، ئەم بـانگی شمشاڵە... نە (بـــــا)
هەرکێ نەیبێ ئاگری وا... هـــەر نەبــا
١٠- ئاگری (ڤین)ە لــــــــە نەی وا دێتەدەر
جۆششی ڤینە لــــــــە مەی وا دێتەدەر

**١١- نەی هەڤاڵێتی کەسێ یار لێی بڕا**
**پەردەکانی، پەردەکانمان... پێی دڕا**

**١٢- وەك نەیێ کێ ژەهر و تلیاکاوی دی؟!**
**وەك نەیێ کێ یـــارو دڵتاساوی دی؟!**

**١٣- نەی خەمی ڕێگەی تەژی خوون باس دەکا**
**سەرگوزەشتەی ڤینی مەجنوون باس دەکــا**

١٤- هەر وەکو نەی، گوایە هەسمانە دوو دەو
یەك لەوان بزرەن، لە نــــاو لێوانی ئەو

١٥- ئەو (دەم)ەی دیکەش بە ڕووتان زارەزار
دەردەدا، کاتی سەمـــا، هـــات و هەوار

١٦- لێ دەزانێ هەر کەسێکی بینـــــــــەرە
کەم گرینەی ئەم سەرەش هی ئەو سەرە

١٧- نووزەیی ئەم نــــایە هی زاری ئەوە
های و هوویی گیان لە ئازاری ئەوە

**١٨- ڕازگری ئەم ڕازە هـــەر بێهۆشە بەس**
**زار لە گوێ زیاتر نییە کڕیاری... کەس**

١٩- ناڵە ناڵی نەی ئەگەر نەیبوایە بـــەر
خاکی پڕ شەکرێ نەکردبا نەی مەگەر

**٢٠- ئای کە چەندین ڕۆژ بەسەرچوو هەر بە ژان**
**سۆژەکانیش بوونە هـــــاوڕێی ڕۆژەکـــــان**
**٢١- ڕۆژ کە چـــوون، بێژە: بڕۆن باکم چییە**
**تۆ مەچۆ ئەی - پاکی وەك تۆ هەر نییە**
**٢٢- گشت کەسێ ب ئاو تێر دەبێ ماسی نەبێ**
**ڕۆژی بێڕۆژی بەســــــەر چوو، لادەچێ**
**٢٣- قەت بە چاکی پەی بە حاڵ نابا نەفام**
**سا دەبـــــــا بەس بێ وتار و (والسلام).**
٢٤- مەی لە جۆشیدا گەدای جۆشی مـــەیە
چەرخ، لە خولدا گیرەوەی هۆشی مەیە
٢٥- مەی بە ئێمە مەستە نەك ئێمە بە ئەو
تەن بە ئێمە دروستە نەك ئێمە بە ئەو
٢٦- گشت (تەن)ێ توانای سەمای چاکی نییە
گشت (مەل)ێ هـــەنجیر بە خۆراکی نییە
**٢٧- لاوە، بەند بشکێنەوە و ئازادبە... دەی**
**دەبیە دیلی زیو و زێڕێ... تـــابەکەی؟!**
**٢٨- گەر تۆ زەریـــا ڕۆکەیە نـــــاو گۆزەیەك**
**گۆزە چەند دەگرێ ؟! بەشی یەك ڕۆژە... یەك**

٢٩- گۆزەیی چـاوانی ڕژدان نـــابێ پڕ
تا سەدەف قانع نەبێ پڕ نابێ دوڕ
٣٠- هــەر کـەسێ بـــــەرگی لە ڤیندا، دادڕا
ئەو، ئەوا ڕژدی و هەموو خەوشیی سڕا
٣١- خۆش بە خـۆش!! ئەی ڤینی خۆش سەودای مە
وەی پزیشــکی دەردو گشـــت خولیـــای مە
٣٢- چارە تۆی بۆ پیاوەتی و نامووسی مـە
ئەی تۆ ئەفلاتوون و گـالینووسی مـــە
٣٣- ڤین لـەشی خـاکی بەرەو گەردوون فڕاند
کەوتە یـــاری کێو و چـــالاکیی نوواند
٣٤- ڤین کە هـاتـە گیانی توور ئەی دڵبـــراو
مەستە توورو، نووچی مووسا تریشقەتاو
٣٥- ڕازەکی ون وا لە ناخی زیرو بــــەم
گەر دەریخەم، سەر زەوی پێکدادەدەم
٣٦- ئا ئەمەی بەم دوو دەرەی، نەی گۆی دەکـا
گــــەر ئەمـــن بیڵێم، جیهـــانێ تێکدەدا
٣٧- گـەر بەلێوی هـــاودەمی خۆمداکەوم
هەر وەکو نەی دێینە گۆ خۆم و دەوم

**٣٨- هەرکەسێ کو ل هـــاوزمانی بوو جودا**

**بێ نەوایە، گـــەر هەشیبێ سەد نەوا**

**٣٩- چونکە گوڵ ڕۆیی و بەسەرچوو لالەزار**

**ناژنەوی چیی دی بەســـەرهاتی هەزار**

٤٠- چونکە گوڵ چوو و باخ هەموو پرشەو بڵاو

بۆنی گوڵ لای کێ وەدەستخەین بۆ گوڵاو ؟!

**٤١- خۆشەویست گشتە و ئەڤیندار پەردەیە**

**خۆشەویست زیندەو ئەڤیندار مردەیـــە**

**٤٢- ئـــەو، کـــە بێت و ڤین نیگاداری نەبێ**

**وەك مەلی بێ پەڕ دەبێ و... چاری نەبێ**

٤٣- پـــەڕ و بـاڵمان بـــۆ ڤیانی ئەو کەمەن

تاکو لای یار چنگ بەموو کێشی دەکەن

**٤٤- من چ جۆرێ پێش و پاش هەست پێ بکەم**

**پێش و پاش دووربن لە تیشکی یارەکەم؟!**

٤٥- تیشکی وی ل ڕاست و چەپ و ژێر و ســـەرم

کـۆت و تـــاجن بـۆ مل و بۆ ســـەر ســـەرم

**٤٦- ڤین دڤێ ئەم باسە بکرێ و دەرکەوێ**

**وێنە نەنوێنێ کە نەینك، کوو دەوێ؟!**

**٤٧- تـۆ دەزانی نەینکت بـــۆ ڕوون نییە؟!**
**چونکە ژەنگ، لێنیشتووی ڕوخسارییە**
٤٨- جام کە ژەنگی هـەرزەییی لێ بوو جودا
پـڕدەبێ ل تیشکی گەشی خـۆری خودا
٤٩- تۆ بـڕۆ ژەنگاری ڕووی لێ لابـــەرە
دوای ئەوە، بۆ دەرکی ڕستەی وا وەرە
٥٠- تۆ دەبێ ڕاستی بــە گوێی دڵ بژنەوی
تا لــە ئاو و گڵ بە جـاریێ دەرکەوی..
٥١- تێدەگەیت و گـــەر لە ڕێیدا بی بــە گیان
پاش ئەوی سۆژ.. پێ دەنێیتە سەر ڕێیـــان

***

**٥٢- گوێ بـــدەن، دۆسـتینە ئەم داســـتانەمان**
**ڕەخنەیە ل ئەم حاڵەمان، ڕاســـت و ڕەوان**

**پەڕاوێزەکانی (سروودی نەی)**

(*) لە چاپی یەکەمدا:

بژنەفەل شمشاڵ کە باست بۆ دەکا

١- بژنەفە ل شمشاڵ: ببیە لە نەی، ببیستە لەنەی، گوێ لە نەی بگرە، (ل): کورتکراوەی (لە)یەو بەزۆری لە شێوەی کرمانجیی ژووروودا بەم جۆرە بەکاردێ، لە کاتی خوێندنەوەیدا لە سەریدا دەوەستریێ (نابزوێنرێ).- گۆدەکا: دێتەگۆ، دەکەوێتە قسەکردن.

٢- لەو دەمەی ڕا: لەو دەمەوە کە، لەو ساوە کە... - نایستان (نای + ستان): قامیشەڵان. - هەرام: هەراوهوریای من.

٣- چاك کراو: پارچە پارچە کراو. - (چاك)ی دووەم: باش.- تاسە: (شوق - ع).

٤- کو: کە. - ل بنەوان: لە بنەوان، لە ڕەسەنی خۆی. - دیسا: دیسان. - ڕۆژی ژوان: ڕۆژی بەیەك گەیشتن.

٥- هاوەڵ: برادەر.

٦- گشت: هەموو. - نیهان: نهێنی. - دەروونمیش: دەروونیشم.

٧- لێ: بەڵام. - چەم: چاو، دیدە. - بێبەشن لەم ڕوونییە: ئەم ڕووناکییەیان نییە.

٨- پەنهان: شاراوە، نادیار. - دین: بینین، دیتن. - شایان: (لایق - ع)، لێرەدا، شایان نییە: ڕێی پێ نەدراوە.

٩- نە (با): با نییە. - نەبا: نەبوایە.

١٠- ڤین: کورتکراوەی (ئەڤین)ە، خۆشەویستی. - جۆشش: جۆش و کوڵ.

١١– هەڤاڵێتی: هەڤاڵی ئەوە، هاوڕێی ئەوە کە. پەردەکانی (نەی): پەردەی دەنگی مۆسیقا. پەردەکانمان: ئەو پەردە نادیارەی سەر چاوی مرۆڤە کە نایەڵێ ڕاستی ببینێ. – دەشێ پەردەی (گوێ)ش بێ.

١٢– ژەهر و تلیاك: ژەهری کوشندە و تریاکی دەرمان. – یارو دڵتاساو: لێرەدا مەبەست لە خۆشەویستی نزیك (کە.. یارە) و دڵداری لە یار دوورکەوتووی (دڵتاساو)ە.

١٣– تەژی خوون: پڕ لە خوێن. – سەرگوزەشتە: بەسەرهات.

١٤– هەسمانە: هەمانە، هەیتمان. – دەو: دەم، زار. – بزرەن: (شێوەزاری گۆران) بزرە، ونە.

١٥– زارەزار: گریان بە دەنگی بەرز. – هات و هەوار: هات و هاوار.

١٦– بینەر: لێرەدا.. بینا. – کەم: کورتکراوەی (کە ئەم) ە.

١٧– های و هووی: هەراوهوریا.

٨– ڕازگر: باوەڕ پێکراو.

١٩– مەبەست لە نیوە دێری دووەم ئەوەیە کە شەکر لە قامیشی شەکر دروست دەکرێ.

٢٠– بە کورتی واتای دێرە شیعرە فارسییەکە: ڕۆژانێك بە دەردەوە بەسەر چوون و سۆزیش بوونە هاوڕێی ڕۆژان و لەگەڵیاندا تێپەڕین.

٢١– بێژە: بڵێ.

٢٢– ب ئاو: بەئاو. (ب) کورتکراوەی (بە)یەو بەزۆری لە شێوەی کرمانجیی ژووروودا بەم جۆرە بە کاردێ. لە کاتی خوێندنەوەیدا لە سەریا دەوەستێ (نابزوێنرێ). – ڕۆژی: خۆراکی ڕۆژانە (رزق – ع).. واتە: ئەوەی ڕۆژیی نەما مردنی نزیك دەبێتەوە.

٢٣- پەی پێ بردن: لێ تێگەیین.

٢٤- گیرەوە: گیرۆدە، دیل.

٢٥- ئەم دێڕە - بەتایبەتی نیوەدێڕی دووەم - پەنجە بۆ ئەو تیوورییە فەلسەفییە ئایدیاییە ڕادەکێشێ کە دەڵێ: گیان ڕەسەنی جاویدی مرۆڤە و تەن بۆ گیان دروست کراوە بە قاڵب، نەك تەن سەرەتا بێت و گیان لە ئەنجامی دروستبوونی تەن دروست بووبێ و بە مردنی تەنیش، گیان بمرێ و لەناو بچێ.

٢٦- سەما: لە ڕاستیدا (سەماع)ی سۆفییانە، واتە زیکر و خوێندنەوەو گوێ لە شمشاڵ و تەپڵ و دەف گرتنی کاتی زیکر.

٢٧- لاوە: ئەی لاو.

٢٨- تابەکەی: تاکو کەی ؟!

٢٩- ڕژد: پیسکە و خۆپەرست. - مەبەست لە قانع بوونی سەدەف، خۆداخستنە و باوەش بە مرواری و دوڕدا کردنە.

٣٠- خەوشی: ڕەخنەو کەموکوڕی، (عەیب - ع).

٣١- خۆش سەودا: سەودای خۆش، هەڵسوکەوتی خۆش. - خولیا: کەڵکەڵە.

٣٢- ئەفلاتوون: مەبەست لە زاناو پزیشکی مێشك و گیانە. - گالینووس ( گالینۆس): مەبەست لە پزیشکی لەشە.

٣٣- ئەم دێڕە پەیوەندییەکی فیکریی بە دێڕی پاشەوەی هەیە.

٣٤- مەبەست لەم دێڕە پەنجە ڕاکێشانە بۆ ئەو تیوورییەی (دۆنایدۆن - الحلول والتناسخ)ە، کە لە پێشەکیدا باسمان کرد، یانیش، ڕاستییەکەی لێکدانەوەی (بە پێی ئەم تیوورییە)ی ئەو باسەی مووسا پێغەمبەرە (سەلامی خوای لەسەربێ) لە قورئانی پیرۆزدا - لە - سوورەی ئەعراف

– دا و لە ئایەتی ژمارە ١٤٣ دایە، کە بەم جۆرەیە: مووسای پێغەمبەر داوا لە خودا دەکا کە خۆی پێ پیشان بدا، خوداش پێی دەفەرموێ نامبینی، بەڵام تەماشـای ئەو چیایە بکە – کە چیای (طور) ە – ئەگەر چیاکە لە جێی خۆیدا ئارامی گرت تۆ دەمبینی، کاتێك کە خودا لە چیاکە دەرکەوت، چیاکە هەرەسی هێنا و هەپروون بە هەپروون بوو (لە ناو خۆماندا دەڵێن چیاکە بوو بە کل)و مووساش بە پەشۆکاوییەوە بەدەمدا کەوت بەزەویدا... ئایەتەکەش ئەوەیە کە لە بەشێکیدا دەڵێ: (فلما تجلى ربه للجبل جعله دکا وخر موسى صعقا) مەولانا لە شیعرە فارسییەکەیدا وشەی (خر) و (صاعقا... لە جیاتی صعقا) و (موسى) و (طور)ی هەر لە قورئانی پیرۆزەوە وەرگرتووە و بەکاری هێناون کە دەڵێ:

عشق جان طور آمد عـاشقا...

طور مست و خر موسى صاعقا...

٣٥– زیر و بەم: یان (زیر و بام) واتە (ژێر و بان) دوو ئامرازی مۆسیقان... هەروەها بە پەردەی مۆسیقای نزم ( ژێر) و بەرز (بان، سەر)یش دەوترێ.

٣٦– مەبەست لە (دوو دەر)ی نەی... هەردوو دەرگا... واتە هەردوو لا(سەر)ەکەیەتی.

٣٧– مەبەست ئەوەیە کە دەم دەنرێتە دەمی شمشاڵەوە دەنگی شمشاڵ بەرز دەبێتەوە، ئەگەر ئەمیش دەم لە لێوی یارو هاودەم بدا، ئەمیش دێتە دەنگ و دەڵێ.

٣٨– بێ نەوا: هەژار و بێ جێ و ڕێ. – نەوا: دەنگ و ئاواز.

٣٩– لالەزار: باخچە، گوڵستان. – ناژنەوی: نابیەی، نابیستی، گوێت لێ نابێ. – هەزار: هەزار ئاواز، بولبول هەزار، بولبول.

٤٠- پرشه و بڵاو: لێرەدا مەبەست لە خەزان و تێکچوون و بەسەرچوونی وەرزی گوڵستانە.

٤٢- نیگادار: چاودێری کار، ئاگادار.

٤٣- کەمەن: کەمەند، گوریسێکی ڕێژە سەرێکی قولاپی پێوە کراوە، بۆ گرتنی کەسێك یان ئاژەڵێك بەکاردەبرێت. - چنگ بەموو کێشی دەکەن: لە قژیەوە (یا لە مووی ئاژەڵێك) ڕایدەکێشن.

٤٤- دوور بن لە تیشکی یارەکەم: ئەگەر تیشك و ڕووناکیی یارەکەم بەریان نەکەوێ.

٤٥- تیشکی وی: تیشکی ئەو.

٤٦- ڤین دڤێ: خۆشەویستی دەیەوێ. - نەینك: نەینۆك، ئاوێنە. - کوو دەوێ: چۆن دەبێ ؟!

٤٧- چونکە ژەنگ لێنیشتووی ڕوخسارییە: چونکە ژەنگ بەسەر ڕوویدا نیشتووە.

٤٨- جام: ئاوێنە. - ژەنگی هەرزەیی: لێرەدا ژەنگی ئاڵۆزی و بەدڕەوشتییە.

٤٩- دەرك کردن: تێگەیین.

٥٠- بژنەوی: ببیەیت، ببیستی، گوێ بگری. - مەبەست لە نیوەدێڕی دووەم ئەوەیە کە، تا گیانت ڕزگاربێ و لە بەندی لەش (کە لە ئاو و گڵ دروست کراوە) دەرکەوێ....

٥١- سۆژ: سۆز، لە ڕاستیدا: تاسە، (شوق - ع)ی... دێڕەکە بەگـــشتی واتە: ئەگەر تێدەگەیت و گیانتی لەڕێدا دابنێیت و ببەخشی... پاش ئەم تاسەیە دەتوانی پێ بەسەر ڕێدا بنێیت و هەنگاو بنێی.

***

## نوای نی

۱- بشنو از ني چون حكايت ميكند
واز جـدائيها شكـــــايت ميكند
۲- كز نيستان تـا مرا ببريده أند
از نفيرم مــردو زن نـاليده أند
۳- سينـه خواهم شرحـه شرحـه أز فراق
تـا بگـويـم شــــرح درد أشـــتياق
٤- هركسي كو دوور ماند أز أصل خويش
بـــاز جويد روزگار وصـــل خـــويش
٥- من بـــهر جــمعيتی نــــالان شدم
جفت بدحالان و خوش حالان شدم
٦ - هركسی از ظن خود شد يار من
وأز درون من نجست اســرار من
۷- ســر من أز نـــالـهء من دور نيست
ليك چشم و گوش را آن نور نيست
۸- تن ز جان و جان ز تن مستور نيست
ليــك كس را ديد جـــان دستور نيست

**٩- آتشست این بانگ ناي و نیست باد**

**هر كــه ایــن آتش نـدارد نیست باد**

**١٠- آتـش عشقســـت كـاندر مي فتاد**

**جوشش عشقست كاندر مي فتاد**

**١١- نی حریف هر كه أز یاري برید**

**پردهـــا أش پردهـای مـا درید**

**١٢- همچو ني زهري و تریـــاقی كه دید**

**همچو ني دمساز و مشتاقي كه دید**

**١٣ - ني حدیث راه پر خـــون میكند**

**قصهای عشـــق مجنون میكند**

١٤- دو دهـان داریم گویـــا همچو نی

یك دهـان پنهانست در لبهای وی

١٥- یك دهـــان نـالان شده سوی شمـا

هـــای وهـوئی درفگنده در سمـا

١٦- لیـــك داند هــــر كـه أورا منظراست

كاین فغان این سري هم زان سرست

١٧- دمدمهء این نـای از دمهاي اوست

هـای و هوي روح از هیهاي اوست

۱۸- **محرم این هوش جز بي هوش نیست**
**مــر زبان را مشتري جز گوش نیست**
۱۹- گر نبودي نالهء نی را ثـــمر
نی جهان را پر نکردي از شکر
۲۰- **در غم ما روزها بي گاه شد**
**روزها با سوزها همراه شـد**
۲۱- **روزهـــا گــر رفت گو رو باك نیست**
**تو بمان ای آنکه چون توپاك نیست**
۲۲- **هر که جز مـــاهـی زآبش سیر شد**
**هر که بي روزيست روزش دير شد**
۲۳- **درنیابد حال پخته هیچ خـام**
**پس سخن کوتاه باید والسلام**

***

۲٤- باده در جوشش گدای جوش ماست
چرخ در گردش اسـیر هــوش ماست
۲٥- باده از ما مست شد ني ما از او
قالب از ما هست شد ني ما از او
۲٦- بر سماع راست هر تن چیر نیست
طعمهء هــر مرغکی انجـیر نیست
۲۷- **بند بگسـل بـــاش آزاد أی پســر**
**چــند باشی بند ســـیم و بند زر**

۲۸- گر بريزي بحــــررا در كوزهء
چند گنجد قسمت يك روزهء
۲۹- كوزهء چشم حريصـــان پر نشد
تا صدف قــانع نشد پر در نشد
۳۰- هر كرا جامـه زعشقي چـــاك شد
أو زحرص و جملـه عيبي پاك شد
۳۱- شاد باش اي عشق خوش سوداى ما
اى طبيب جمـــــــــله علتـــهاى ما
۳۲ - اى دواي نخـــوت و نـاموس ما
اى تو افلاطـون و جالينوس ما
۳۳ - جسم خاك از عشق بـر افلاك شد
كوه در رقص آمد و چـــــالاك شد
۳٤- عشق جـــان طـور آمــد عاشقا
طور مست و خر موسى صاعقا
۳۵ - سر پنهانســـت اندر زيـــرو بم
فاش اگر گويم جهان برهم زنم
۳٦ - آنچه ني ميگويد اندر اين دو باب
گر بگويم من جـــهان گردد خراب

۳۷- **با لب دمساز خود گر جفتمی**
**همـچو نی من گفتنیها گفتمی**
۳۸- **هر که او از همزبانی شد جدا**
**بینوا شـد گرچـه دارد صـد نوا**
۳۹- **چونکه گل رفت و گلسـتـان در گذشت**
**نشنوی زآن پــس زبلبل ســر گذشت**
٤۰- چونکه گل رفت و گلستان شد خراب
بوی گل را از کــه جــوئیم از گلاب
٤۱- **جملـه معشوقست و عاشق پردهء**
**زنـده معشوقسـت و عاشق مردهء**
٤۲- **چون نبــاشد عشق را پروای أو**
**او چو مرغی ماند بی پر وای أو**
٤۳- پرو بـــال ما کمــند عشق أوست
مو کشانش میکشد تا کوي دوست
٤٤- **من چگونه هـوش دارم پیش و پس**
**چـون نبـاشد نور یارم پیش و پس**
٤٥- نور او در یمن و یسر و تحت و فوق
بر سـرو بر گردنم چون تــاج و توق

**٤٦- عشق خواهد کین سخن بیرون بود**

**آینه غماز نبود چون بود**

**٤٧- آینت دانی چرا غماز نیست**

**زانکه زنگار از رخش ممتاز نیست**

٤٨- آینه کز زنگ آلایش جداست

پر شعاع نور خورشید خداست

٤٩- رو تو زنگار از رخ او پاك كن

زان سپس آن جمله را أدراك كن

٥٠- این حقیقت را شنو از گوش دل

تا برون آئي بكلی زآب و گل

٥١- فهم اگر دارید و جانرا ره دهید

بعد أز آن شوق پا در ره نهید

***

**٥٢- بشنوید ای دوستان این داستان**

**خود حقیقت نقد حال ماست آن**

***

## سەرچاوەکان

### عەرەبی

١- تاريخ الادب في ايران - من الفردوسي الي السعدي - تأليف أدوارد جرانفيل براون - نقله الى العربية الدكتور ابراهيم امين الشواربي - بأذن و ترخيص دار طباعة جامعة كامبرج بانجلترا - مطبعة السعادة بمصر - ١٩٥٤ م.

٢- جلال الدين الرومي في حياته وشعره - د.عبدالسلام كفافي - دار النهضة العربية للطباعة والنشر -الطبعة الاولى - بيروت - لبنان - ١٩٧١.

٣- التصوف و فريدالدين العطار - د. عبدالوهاب عزام - دار أحياء الكتب العربية - سلسلة مؤلفات الجمعية الفلسفية المصرية - ١٩٤٥ م.

٤- مجلة الادب والفن - جلال الدين الرومي - مقالة - مرغريت سميث - الجزء الرابع - السنة الاولي - ١٩٤٤.

The Editor

Clo Hodder & Stoughton Literature & Art

.London detimiL

٥- مجلة الكفاح العربي - الصوفي الذي... العدد ٣٣ - ٧١٦ - الاثنين ٢٩ ك ٢ - ٤ شباط ١٩٧٩.السنة الخامسة.

### فارسی

٦- كتاب مثنوي معنوي - تأليف جلال الدين محمد بن محمد بن الحسين البلخي ثم الرومي - جلد: ١، ٢، ٣ - بعد از مقابله با پنج نسخهء از نسخ قديمه بسعي و اهتمام و تصحيح رينولد ألين نيكلسون - مؤسسهء

مطبوعاتي علي أكبر علمي. (ساڵی لە چاپدانی لەسەر نییە).

٧– خلاصەء مثنوي – بانتخاب و انضمام و تعليقات و حواشي – نگارش آقاي بديع الزمان فروزانفر – استاد دانشگاه تهران ١٣٢١ چاپخانەء بانك ملی.

٨ – مثنوي معنوي – مولانا جلال الدين محمد بلخی رومي – با هفت كتاب نفيس ديگر – بتصحيح و مقابله و همت محمد رمضاني – دارندەء كلالە خاور – از سال ١٣١٥ تا سال ١٣١٩ در تهران چاپ شد – چاپخانەء خاور ″ تهران ″ – چاپ دوم أز: چاپ سعيد نو.

### توركی

(9) Mesnevi _ 1 _Ikinci Basim _ IstanbulL_1956 _MaarifBasimevi

Veled IZbudak tarafIndan tercüme edilmiS,

Abdülbaki GölpIn-arLI tarafIndan mühtelif Serhlerle karSlaStIrIlmIS VE ESERE bir aciklama iLve edilalmistir.

(10)Turk Edebiyti Tarihi_S .K. Karaa- liOglu -1- inklap ve Aka basimvi .istanbul.

### ئینگلیزی

(11) The Rubaiyat of Omar Khayyam- and othe Persian Poems.

Edited by A.J. Arberry-Deut: EVERYMAns Library - Dutton: New .York.

### كوردی

١٢– زمانی یەكگرتووی كوردی د.جەمال نەبەز زنجیرەی كوردەوانی (١) بڵاوكراوەی یەكێتیی نەتەوەییی خوێندكارانی كورد لە ئەوروپا –١٩٧٦– لە شاری بامبێرگ لە ئەڵمانیای ڕۆژاوا بە ئۆفسێت لە چاپ دراوە.